KCCRC

Islamic Studies

# ئیسلامی سیاسیی لە ڕۆژئاوای کوردستان



زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

١٥١

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Islamic Studies

# ئیسلامی سیاسیی لە ڕۆژئاوای کوردستان

زیرەك ئەحمەد رەحمان

١٥١ زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

٢٠٢١

# ئیسلامی سیاسیی لە ڕۆژئاوای کوردستان

زیرەك ئەحمەد ڕەحمان

### پێشەکی

کورد بە شێوەیەکی فراوان لە ڕووی جوگرافیەوە دابەشی سەر هەر چوار وڵاتی تورکیا، عێراق، ئێران و سوریا کراوە. وێرای بوونی مێژوویی لە هەندێ وڵاتی تر و بە هۆی کۆچ و ڕووداوی ترەوە. کورد وەک هەر نەتەوەیەکی تر مەحکوومە بە هەندێ قەدەری جوگرافی لە ڕووی پێکهاتەی دینیەوە، واتە هەم کاریگەرە و هەم کارتێکراو. بەڵام بە گشتی زۆرینەی کورد موسڵمانی سوننە مەزهەبن، لەگەڵ بوونی شیعەی دوازدە ئیمامی و عەلەوی (بە شێوە جۆراوجۆرەکانیەوە وەک نوسەیری و شەبەک و ... تاد) و ئێزیدی. پرسی دین و سیاسەت تەنیا بابەتێک نییە گۆڕەپانی کوردی گرتبێتەوە، بەڵکو زۆرێکی کۆمەڵگەکان ئەم باسە جێی مشتومڕیەتی. بۆیە شپرزەیی دۆخی گشتی هەر وڵاتێک، وروژاندنی باسی لەم جۆرە تێیدا، بە جارێک پرسەکە دەکاتە کێشەیەک زەق تێیدا. لەم باسەماندا دەمانەوێ بە سەرەقەڵەمێک باسی پرسی دین و سیاسەت بکەین لەناو جموجۆڵە سیاسیە دیارەکانی ڕۆژئاوا و ئەم پرسە لە کوێوە بۆ کوێ دەجووڵێنرێ و هەر لایەنێکیش چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

### جوگرافیا مرۆیی ڕۆژئاوای کوردستان

بە شێوەیەکی گشتی کورد لە دەوڵەتی سووریادا دابەشی سەر سێ ناوچەی سەرەکی بوونە: جزیرە، کۆبانی و عەفرین. لەگەڵ هەندێ گەڕەک و ناوچەی کوردنشین لە شارەکانی حەڵەب، دیمەشق و حەما. هەرچەند سەرژمێریەکی دروست و ورد نییە، بەڵام بە گشتی ژمارەی کورد لەم پارچەیەدا بە (دوو ملیۆن و نیو)، کە دەکاتە (١٧٪)ی دانیشتوانی کۆماری سووریا دەخەمڵێنرێت. لەم ژمارەیە وەک پارچەکانی تری کوردستان زۆرینەیان سوننە مەزهەبن کە بە سەرووی (٩٠٪) دەخەمڵێنرێت، لەگەڵ بوونی ڕێژەیەکی کەم لە عەلەویەکان لە عەفرین، هەروەها ئێزدی کە ژمارەیان بە (٤٠) هەزار کەس دەخەمڵێنرێن و زۆرینەیان لە هەرێمی جزیرە نیشتەجێن و بەشێکیش لە عەفرین(١). هەرچەند ئەم دابەشبوونە دیمۆگرافیە بەردەوام لە گۆڕاندایە بە پێی گۆڕانی دۆخە سیاسی و سەربازیەکانی ناوچەکە.

### بزاڤی سیاسی لە ڕۆژئاوا

هەرچەند لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە جموجۆڵی سیاسی لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراودا وەک حزبی سیاسی لە ڕۆژئاوا دەرکەوتن، جا چ بە هۆی کۆبوونەوەی چەند کەسایەتیەک بێت، یاخود ترازان و پارچەبوونی حزبی ترەوە بێت. وەک حزبەکانی: پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی دیموکراتی چەپی کوردستان، پارتی دیموکراتی کورستان لە سووریا - ئەلپارتی، پارتی دیموکراتی پێشکەوتنی کوردی لە سوریا، پارتی یەکێتی گەلی کورد، پارتی چەپی کوردی، پارتی کاری دیموکراتی کورد، پارتی سوسیالیستی کورد، حزبی پارتی دیموکراتی کوردی، پارتی یەکسانی کورد، پارتی چاکسازی کورد، پارتی ئازادی، پارتی چەپی کوردی لە سوریا، پارتی چەپی دیموکراسی کوردی، ئاراستەی ئایندەی کوردی لە سوریا، پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYD) کە نزیکی پارتی کرێکارانی کوردستانن ... هتد(٢)، بە گشتی جموجۆڵی سیاسی تا بەر لە ڕووداوەکانی بەهاری

عەرەبی، بە گشتی ئەم جموجۆڵ و ڕێکخستنە سیاسیانە کاریان زۆر سنووردار بوو، دەرکەوتنیان کاریگەریی بەهێزی نەبوو لە گۆڕەپانی سیاسی(٣). بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی بە دواوە، ئیتر دۆخی سیاسی زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکە گۆڕا و ڕێکخستن و بزاڤی جیاجیا هاتنە ناوەوە. بەڵام سەبارەت بە جموجۆڵی ئیسلامی لە ناوچە کوردییەکان، تەنیا مەگەر تاک و تەرای ناو ئیخوان موسلمینی سوری هەبووبن، ئەمیش لە ناوچەکانی حەڵەب و دیمەشق و حەما نەوەک بزاوتێکی سیاسی بەرچاو(٤) چونکە ئەم ناوچانە لانکەی سەرەکی

> **دامەزراوەی دینی سەر بە بەڕێوەبردنی کانتۆنەکان، لە کەناڵی ئاسمانی بەرنامەی تەلەفزیۆنیان هەیە، بە هەمان شێوە بەیاننامە و ڕێنمایی دەردەکەن**

ئیخوان بوون لە سوریا و گەڕەکی کوردنشینیان هەن. بەڵام درێژەکێشانی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لە سووریا دەستی زۆر وڵاتی هاتە ناو و چەندان ڕەوت و گرووپی ئیسلامی سیاسیی تێدا دەرکەوت، ناوچە کوردستانیەکانی ئەوێش لەم دیاردەیە بەدەر نەبوون کەم تا زۆر بەرکەوتەیان بوو لەگەڵ ئەم دیاردەیە

### ڕەوتی سۆفیگەری و سیاسەت لە ڕۆژئاوا

کۆمەڵگەی کوردی لە هەر پارچەیەکیدا، بەر لە دەرکەوتنی حزبە سیاسیەکان، بەڕێوەبردنی جموجۆڵە سیاسیە زۆربەی تێکەڵاوی تەریقەت و ئەهلی تەسەووف بوو. بە هەمان شێوە ڕۆژئاوا، تا درەنگانێکی سەدەی ڕابردوو ڕەوتی سۆفیگەری ئامادەیی پتر بوو، دواتریش هەندێکی ئەهلی تەسەووف لە سەرەوەی حزبەکان دەرکەوتن. بە هەمان شێوەی باشوور و ڕۆژهەڵات زۆرینەی ئەهلی تەسەووف دابەشبوونەتە سەر هەردوو تەریقەتی نەقشبەندی و قادری:

### یەکەم: نەقشبەندی

دیارترین خانەقای نەقشبەندی لە ڕۆژئاوا خەزنەویەکانن، کەوا شێخ ئەحمەدی خەزنەوی (١٩٥٠ کۆچی دوایی کردووە) لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو لە خەزنەی باشووری ڕۆژهەڵاتی قامشلو دەرکەوت، دوای ئەویش هەریەکە لە شێخ مەعسووم (١٩٥٨ کۆچی دوایی کردووە) و شێخ عەلادین (١٩٦٩ کۆچی دوایی کردووە) جێنشینی بوون. بەڵام لە سەردەمی شێخ عیزەدینی (١٩٩٢ کۆچی دوایی کردووە) کوڕی گەیشتە لوتکە، دوای مردنی ناوبراو، ئەم کۆمەڵە دابەشبوون بۆ موریدانی شێخ محەمەد عیزەدین کوڕی شێخی پێشوو، لەگەڵ شێخ عەبدولغەنی خەزنەوی (٢٠٠٥ کۆچی دوایی کردووە) مامی شێخی تازە. پاشان شێخی ناوبراو لە ڕووداوی ئۆتۆمبێل لە سعوودیە گیانی سپارد، کوڕەکەی شێخ محەمەد موتاع شوێنی گرتەوە ئەویش لەگەڵ شێخ محەمەد ڕاشدی مامی کەوتنە کێشە لەسەر پێگەی شێخایەتی، دوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی، شوێنی گواستەوە بۆ شاری ئەدەنە لە تورکیا(٥). هەرچەندە ئەم ڕەوتە زۆرترین دەرکەوتنی خۆی دەبینێتەوە لە پەروەردەی ڕۆحی و دینی هەزاران مورید، بەڵام نەک هەر تێکەڵاوی سیاسی و کاری حزبی نەبوون، بەڵکو زۆر دژی حزبە کوردیەکانی ڕۆژئاوا بوون(٦). ئەم دیاردەی دژایەتیکردنەی حزبی نەتەوەیی لەلایەن هەندێ کەسایەتی ئەهلی تەسەووف لە شوێن و بۆنەی تریش چەندبارە بوونەتەوە. بەڵام لەناو ئەم بنەماڵە شێخە و خانەقای خەزنەوی کەسایەتیەکی دینی و نەتەوەیی

جیاوازتری تێدا هەڵکەوت، ئەویش شێخ محەمەد مەعشووق خەزنەویە.

ناوبراو دوای ڕاپەڕینی قامشلۆ لە (١٢ئادار/٢٠٠٤) پتر دەرکەوتنی زەق بووەوە، لە ئاکامی یاری تۆپی پێی نێوان تیمی جیهادی قامشلو و فتوەی دێرزوور. بووە هۆی ڕاپەڕینێکی جەماوەری خۆکردی بێبەرنامە، وتارە گەرموگوڕەکانی شێخ مەعشووق بەشداریەکی کارای سیاسی ئەم جموجۆڵە سیاسیەی ئەم ساتەوەختە بوو. پاشان لە ڕۆژی نەورۆز بە وتارێکی حەماسی زیاتر ناسرا کە بۆ شەهیدانی ڕاپەڕینی ناوبراو دای(٧). ئەمە جوولەیەکی زۆر جیاواز بوو هەم لە گۆڕەپانی سیاسی و هەم تەریقەتی نەقشبەندیی خەزنەوی، ئەمە جیا لەوەی لە کاتی وتاری نەورۆزدا دەیان ئاڵای کوردستان و وێنەی ئۆجەلان بەرزکرابوونەوە. ئەم جوڵەیەی مەعشووق بە دڵی دەوڵەتی سووری نەبوو. چونکە بەشداریە سیاسیەکانی زیاتر بوون، چەندان بەرنامەی بە زمانی کوردی و عەرەبی لە کەناڵی جیاجیا پێشکەش کردن لەسەر مافی نەتەوەیی و کولتووری کورد. دواجار پاش ساڵێک لە ڕووداوەکەی قامشلو، شێخی خەزنەوی لە (١٠/٥/٢٠٠٥) لە دیمەشق لەلایەن دەسەڵاتی سووریاوە دەڕفێندرێ و دواتر لەژێر ئەشکەنجە گیانی دەسپێردێت، لە (١/٦/٢٠٠٥) لە گۆڕستانێکی دێرزوور دەنێژرێ، بەڵام لەژێر فشاری خۆپیشاندانی جەماوەری و کاردانەوەی خەڵکی و کوردستان دواتر تەرمەکەی ڕادەست دەکرێت و لە مەراسیمێکی زۆر فراوان بە خاک دەسپێردرێت(٨).

> **زۆرینەی بزاوتەکانی ئیسلامی سیاسیی لە ڕۆژئاوا، جموجۆڵیان کەوتۆتە دەرەوەی وڵات، تەنانەت دامەزراندن و کەسایەتیە سەرەکیەکانیشیان لە دەرەوەی وڵاتن**

هەرچەند پەرتوبڵاوی لەسەر شێخایەتی داری لە ڕۆحی ئەم جموجۆڵەدا، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە هیچ کەسایەتیەکی سۆفیگەری لەم ڕەوتە بە ئەندازەی شێخ مەعشووق پرسی دین و نەتەوەی تێکەڵ نەکردبوو، بۆیە ئەم ئاراستەیە لە بیرکردنەوە و کاری سیاسی نەبووە بزووتنەوەیەکی ئۆکمەی بەردەوام.

### دووەم: تەریقەتی قادری

لەم ناوچەیە تەریقەتی قادری مێژووەکەی زۆر کۆن نییە، بە شێوەیەکی بەرچاو لەسەر دەستی شێخ عوبێدوڵڵای قادری گەشەیکردووە، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی (١٩٤٤) لە شاری ئامودای پارێزگەی حەسەکە، کوڕی عارفی ناودار شێخ ئەحمەد قادری حسێنیە(٩). ئەم بنەماڵەیە لە ڕووی تەریقەتەوە سەر بە تەکیەی بریفکان و شێخ نورەدینی بریفکانین(١٠)، کە دەکەوێتە نزیک شاری دهۆک. ئەم تەریقەتە بە هەمان شێوەی نەقشبەندیەکانی ڕۆژئاوا بەشداری جموجۆڵی سیاسی نین، بەڵکو ئۆمەتی نزیکایەتی لە دەسەڵاتیان دراوەتە پاڵ، هەرچەندە لە دوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و ڕۆژئاوا و باکووری سووریا، شێخی تەریقەت ئەم ناوچە جێ دەهێڵێ و لە تورکیا دەگیرسێنەوە، ئەم تەکیە گەورەیەی لە ئامودا بناخەی دانابوو، پاشان بووە شوێنی مانەوەی ئاوارەی ناوچەکانی تر کە ڕوویان تێی کردبوو(١١). هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە دەسەڵاتی سووریا لە ماوەی حوکمڕانی تەواوی ئەم ناوچەیە زۆر بەرکەوتەی وای نەبووە لەگەڵیان ڕووبەڕوویان نەبۆتەوە.

بەڵام ئەوەی کەوا لەناو ئەهلی تەسەووف لە ڕۆژئاوا بە ئاشکرا ڕووبەڕووی دەسەڵات بوویێتەوە داوای مافی ڕەگەزنامە و مافە کولتووریەکان و نەتەوەییەکانی

کردبێـت لـە ڕۆئـاوا شـێخ مەعشـووقی خەزنەویـە. هەروەهـا ناوبـراو بـە ئاشـکرا داوای ئـازادی و بەشـداریی نەتەوەیـی دەکـرد لـە پرۆسـەی سیاسـی بـە شـێوەیەی ئاشـتیانەی دوور لـە سـەرکوتکاری و سـتەم. بـەڵام ئەوەی ڕەتدەکـردەوە کـە ئیسـلام تێکـەڵاوی سیاسـەت بکـرێ بـە تایبـەت لـە بەرژەوەنـدی دەسـەڵاتداری سـتەمکار، هاوشـێوەی ئەمـە لـە تەریقەتـی قـادری لـە ڕۆژئـاوا نییـە(١٢). ئەڵبـەت ئـەم جـۆرە لـە خەباتـی نەتەوەیـی بـە تێکەڵاونەکردنـی دیـن بـە سیاسـیەت جیـاوازە لـەو جـۆرە دینداریـەی کـەوا دەکەوێتـە دژایەتـی خەباتـی نەتەوەیـی بـە پاسـاوی دیـن، ئەڵبـەت ئـەم دیـاردەی دین خسـتنە بەرژەوەندیـی دەسـەڵات و بـۆ لێدانـی لایەنـی سیاسـی دیاریکـراو، مـەرج نییـە تەنیـا بـە هەنـدێ ڕەوتـی سـەلەفی بکـرێ وەک زۆرجـار دەوترێـت، لـە زۆرجاریـش هەمـان گەمـەی سیاسـی، کەسـانی ناسـراوی سـۆفیگەریی تێـدا وەک کارتـی سیاسـی بەکاردێـن.

### ڕێکخستنە ئیسلامییە سیاسیەکانی ڕۆژئاوا

مەبەسـتمان لـە ڕێکخسـتنی ئیسـلامی سیاسـیی، کـۆی ئـەو حـزب، گـرووپ و شـانە چەکـدار .. هتـد دەگرێتـەوە وەک ڕەوتگەلـی ئیسـلامی جیاجیـا، کاری سیاسـی دەکـەن، لـە گۆڕەپانـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان، بـە تایبەتـی لـە دوای (٢٠١١) و کاریگەریـی ڕووداوەکانـی بەهـاری عەرەبـی لـەم ناوچەیـە.

#### ١. یەکێتیی زانایانی موسڵمانی کورد ( اتحاد علماء المسلمين الكرد):

لـە شـێوەی ڕێکخراوێکـی مەدەنیـە لـە سـاڵی ٢٠١٤ دامـەزراوە، دوو کۆنگـرەی ئەنجـام داوە لـە سـاڵانی (٢٠١٥) و (٢٠١٦) پێکهاتـووە لـە نزیکـەی (٢٠٠) کەسـایەتی زانـای دینـی لـە ئیمـام و خەتیبانـی مزگەوتـی ناوچـە کوردیەکان. ئـەم ڕێکخسـتنە بـڕوای بـە تێکەڵاوکردنـی کاری سیاسـی و دەوڵەتـداری لەگـەڵ دینـی نییـە(١٣). بەرپرسـی ئـەم یەکێتییـە مەلایەکـی نـاوداری ڕۆژئاوایـە بـە نـاوی مـەلا محەمـەد مـەلا ڕەشـید غەزرانـی هـاوکار و پشـتیوانی نووسـینگەی کاروبـاری دینەکانـە لـە ئەنجوومەنـی خۆبەڕێوەبـەری کانتۆنـی جزیـرە(١٤). بـە هـۆی نزیکـی بیریـان، غەزرانـی لـە کەناڵـی ڕوناهـی نزیـک لـە (YPG) و بەڕێوەبردنـی خۆسـەری، بەرنامەیەکـی هەیـە بـە نـاوی دیـن و کۆمەڵگـە(١٥) کـە بـە زمانـی عەرەبـی پێشـکەش دەکـرێ. هەروەهـا ئـەم ڕەوتـە بـە هـۆی دەرکەوتـە میدیاییەکانیـەوە کاریگـەری شـێخ مەعشـووقی خەزنەویـان لەسـەر دیـارە.

#### ٢. بەرەی کاری نیشتمانیی کوردی سوریا (جبهة العمل الوطني لكرد سورية)

ئـەم بەرەیـە لـە ڕێکەوتـی (٢٠١٢/٨/١٥) دامـەزراوە. لـە چەنـد لایەنێکـی جیاجیـا پێکهاتـوون(١٦). ئـەم ڕەوتـە بـە پێـی بڵاوکراوەکانیـان، تەنانـەت یـەک بەیاننامەشـیان بـە زمانـی کـوردی لـە پەیجەکەیانـدا نییـە. هەروەهـا، پتـر هەواڵەکانـی سـوپای ئـازاد (الجيـش الحـر) کـە بەرهەڵسـتکاری دەسـەڵاتی سووریان، زۆربـەی بابەتەکانیش بـە زمانێکـی جیهادیـی نووسـراون لـەم پەیجـە. سـەرۆکی ئـەم بەرەیـە دکتـۆر مسـتەفا موسـلیم بـوو، ناوبـراو دەکاتـە بـرای سـاڵح موسـلیمی هاوسـەرۆکی پێشـووی (PYD) بـەڵام ئاراسـتەیەکی تـەواو جیاوازی هەیـە، ئێسـتا سـەرۆکی زانکـۆی زەهرایـە لـە شـاری غـازی عەنتـاب لـە تورکیـا(١٧)! ئـەم ڕێکخـراوە چالاکیەکانـی زۆر سـنووردار دیـارە، سایتەکەیان داخـراوە، پەیجەکەشیان لـە (٢٠١٥/٨/٢٦) ـەوە هیـچ چالاکـی نییە، هەرچـی چالاکیەکانی پێشوویشـی بـوو، پتـر وەک هاندەرێکـی ئیسـلامیانەی ئۆپۆزسـیۆنی سـووری دەردەکـەون، هـەر لـە پشـتیوانی جیهادیەکانـی سـوپای ئـازاد و دژایەتـی دەسـەڵاتی بەشـار ئەسـەد.

لـە ئێسـتادا مسـتەفا موسـلیم هەوادارێکـی سەرسـەختی ئەردۆگانـە و داوا لـە کـوردان دەکات پشـتگیری بکـەن، نـەک هـەر ئـەوە ڕێکخسـتنە کوردیەکانـی دژی دەسـەڵاتی ئاکەپـە بـە تیرۆریسـت وەسـفکرد بـە پەیـەدەوە(١٨). ئـەم دوو ئاراسـتە جیـاوازەی نێـوان سـاڵح موسـلیم و مسـتەفا موسـلیم، گـەر پرسـی ئیسـلامی سیاسـیی لـێ دەرکەیـن بـە جۆرێـک هاوشـێوەی عوسـمان ئۆجەلانـی جیابـۆوە لـە پەکەکـە و عەبدوڵـڵا ئۆجەلانـی ڕێبـەری پەکەکـەی زیندانیکـراو لـە ئیمراڵیـە.

### ٣. کۆما زانایێن کورد ل سوریا

بزووتنەوەیەکی دینییە دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢. دکتۆر مستەفا موسلیم برای ساڵح موسلیمی هاوسەرۆکی پەیەدە سەرۆکیەتی. لەگەڵ ئەوەی بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەم کۆمەڵەیە هیچ بڕگەیەکی سیاسی تێدا نییە، چالاکیەکانیشی پتر لە بواری بانگەواز و فێرکاری دینی چڕبووەتەوە. دوای بەهاری عەرەبی، ئەم کۆمەڵەیە چووە پاڵ بەرەی کاری نیشتمانی کوردی سووری، بەڵام بێ ئەوەی خۆی هەڵوەشێنێتەوە، بەیاننامەکانی هەر بە ناوی خۆی بڵاو دەکردەوە(١٨). ئەم کۆمەڵەیە هیچ دەرکەوتەی میدیایی بەرچاوی نییە، تەنانەت سایتی ئەلیکترۆنی و پەیجی سۆشیاڵ میدیاشی نییە. تەنیا یەک بەیاننامەی سەر ئەنتەرنێت دەستکەوت دژی هێرشەکانی داعش(١٩) لەسەر سایتی (رابطة العلماء السوريين)ی سەر بە ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی سوریا. بە هەمان شێوەی دوای چوونی مستەفا موسلیم بۆ تورکیا ناو و ناوبانگێکی وای نەماوە لە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژئاوا. بە تایبەتی کە ناوچەکانی خۆسەری ڕۆژئاوا لەژێر هەژموونی پەیەدەن، پانتاییەکی وایان نییە بۆ ئەم ڕێکخراو و ڕێکخستنە سیاسی و دینیانەی نزیکی تورکیان.

### ٤. یەکێتیا کارا نیشتمانیا کوردێن سوریێ (وحدة العمل الوطني لكرد سورية)

بەرەیەکی سیاسییە زۆرینەی پێکهاتەکانی ئیسلامین، لە کۆنگرەی قاهیرە ساڵی (٢٠١٢) پێکهاتە جیاجیاکانی لێی گردبوونەوە. واتە لە سەردەمی حوکمی ئیخوان موسلمین لە میسر. ئەمینداری گشتی ئەم بەرەیە ئیبراهیم دەروێشە کە ئێستا لە سوید نیشتەجێیە. ئەم پێکهاتانەی کە ئەم بەرەیان پێکهێناوە بریتین لە: کۆمەڵەی زانایانی کورد (رابطة علماء الكرد)، یەکێتیا خەباتا نیشتمانیا کوردێن سوریێ هەماهەنگی ئازادیخوازانی قامیشلۆ (تنسيقية احرار قامشلو)، نوێنەرایەتی کورد لە هەماهەنگی شۆڕشی سوریا–ئوردن (التمثيل الكردي في تنسيقية الثورة، السورية – الأردن)، نوێنەرایەتی خێڵە کوردیەکان (ممثلون عن عشائر كردية)، پەیوەندی ئافرەتانی کورد (رابطة المراة الكردية و بێلایەنەکان(٢٠). ئەم پێکهاتانە لە گۆڕەپانی سیاسیدا بەرچاویەکی ئەوتۆیان نییە، پتر ڕەنگدانەوەی ڕێکخستن و حزبە عەرەبیەکانیان بەسەردا زاڵە. هەروەها لە هەموویان ناودارتر ئیبراهیم دەروێشە، ئەویش لە ناوەخۆدا چالاکیەکی وای نییە. بۆیە چالاکیەکانی ئەم ڕێکخستنەش پتر لە بەیاننامە چڕبۆتەوە لەسەر پەیجەکەیان. ئاراستەی بیرکردنەوەشیان پتر کەوتۆتە بەرەی تورکیا – قەتەر – ئیخوان، بۆیە لە ناوچەکانی ژێر هەژموونی پەیەدە ئەستەمە جێگەیان ببێتەوە.

### ٥. نووسینگەی بەرەی کاری نیشتمانی (مكتب جبهة العمل الوطني)

لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠٠٦) لە ئوردن دامەزرا لەلایەن کۆمەڵێک کوردانی هەندەران، لە نێویشیاندا ئیبراهیم دەروێش(٢١). ئەم نووسینگەش ئێستا هیچ چالاکیەکی ئەوتۆی نییە، نە سایتی ئەلیکترۆنی، نە پەیج. ئەمەش لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە لاوازیی نیشان دەدات، وەک هەریەک لە ڕێکخستنەکانی پێشوو باسیان کرا.

### ٥. حزبی ئیسلامی کوردی سووری (الحزب الإسلامي الكردي السوري)

ئەم حزبە بە ماوەیەکی کەم دوای بەهاری عەرەبی لە سووریا دامەزرا(٢٢) لەسەر دەستی دکتۆرێکی کوردی خەڵکی کۆبانی بە ناوی ئیبراهیم ڕەمەزان شەدادی، ناوبراو لەدایکبووی ١٩٧٦(٢٣). ئەم حزبە بە یەکەم ئەزموونی ناو و ناوەڕۆکی ئیسلامی سیاسی دادەنرێت لە ڕۆژئاوا، بە حوکمی ئەوەی دوای بەهاری عەرەبی، لە ساڵی (٢٠١١) لەلایەن شەدادی کۆمەڵێک ئەکادیمی و ڕۆشنبیری ئیسلامی ناوچەکە دامەزرا. هەروەها حزبەکە بەدەرە لە هەر ئاراستەیەکی نەتەوەیی، بەڵکو کار لەسەر چەند بنچینەیەک دەکات وەک: وەستانەوە بەڕووی شەپۆلی شیعەگەری لەناو کوردان! هەروەها زیندووکردنەوەی ڕابوونی ئیسلامی و بڵاوکردنەوەی


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

لە کۆمەڵگەی کوردی، دووبارە ئیسلامیزەکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی بەدەر لەو ئیسلامەتیە کولتووریەی کە تێیدایە(٢٤). ئەم حزبە بە ئاسانی نەیتوانی جێ پێی بکاتەوە، هەم بە هۆی بەهێزی پرسی نەتەوەیی لەناو دانیشتوانی ناوچە کوردیەکان، هەم ئیسلامەتی کولتووری ڕیشەی مێژوویی بەهێزی هەیە بە ئاسان بە هۆی ئیسلامی سیاسیەوە نەتوانرا ڕیشەکێش بکرێ.

### ٦. ڕابیتەی زانایان و ڕۆشنبیرانی جزیرە لە سووریا (رابطة علماء ومثقفي الجزيرة في سورية)

ئەم ڕێکخستنە لە دوای بەهاری عەرەبی لە (٢٠١٢) دامەزرا لەسەر دەستی ژمارەیەک لە ڕۆشنبیران و پیاوانی دینی کورد لە سوریا، بە سەرۆکایەتی عەبدورەزاق خەلەف، کەسایەتی دینی لە ناوچەی ئامودا، بڕوانامەی ماستەری لە شەریعە هەیە. ئەم پێکهاتەیە ڕێکخستنێکی سیاسییە و پاشخانی ئیسلامی هەیە، بانگەشەی یەکسانی نێوان گەلان و نەتەوە و کەمینەکان دەکات. لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلامی(٢٥). ئەم ڕابینەیە، سەرۆکەکەی لە تورکیادا نیشتەجێیە، تەنانەت چالاکیەکانیشی هەر لەناو تورکیادایە، لە ناوچە کوردیەکانی ڕۆژئاوا هیچ چالاکیەکی ئەوتۆیان نەماوە، ڕاگەیاندنیشیان لاوازە، تاکە شت پەیجێکی فەیسبووکیان هەیە(٢٦). ئەم پەیجەش دوا چالاکیان دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی (٢٠١٦)، بە شێوەیەک دەکرێ بڵێین هەر بە جارێک پووکاوەتەوە، ئەوانەشی لە تورکیادا ماونەتەوە، کاریگەریەکی وایان لەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا نەماوە.

### ٧. بزاڤی ژیانی نوێ (حركة الحياة الجديدة)

ئەم بزووتنەوەیە لە شاری کەرکی لەکی لە پارێزگەی حەسەکە لە ساڵی (٢٠١١) بە سەرۆکایەتی ئەسعەد شەمسی دامەزرا، لەسەر بنەمای مەرجەعیەتی شەریعەتی ئیسلامی. لەگەڵ ئەوەش داوای سیستەمێکی مەدەنی و پەرلەمانی بۆ وڵاتی سووریا دەکرد، بە بوونی مافی دەستووری نەتەوەی کورد تێیدا. ئەم بزووتنەوەیە چووە پاڵ ئەنجوومەنی نیشتمانی سووری و ئیئتیلافی نیشتمانی لە سوریا، هەروەها ئەنجومەنی نیشتمانیش چووە پاڵ هاوپەیمانیی نیشتیمانی هێزەکانی شۆڕش و بەرهەڵستکاری سوری(٢٧). بەڵام ئەم بزووتنەوەیە زوو پووکایەوە بە هۆی ئەوەی لە دوولاوە کەوتنە ژێر فشار.

بە هۆی ئەم داواکاریە نەتەوەییانە هەر زوو دوورخرانەوە لە ئەنجوومەنی نیشتمانی سووری(٢٨). لەلایەکی تریشەوە سەرۆکی ئەم بزووتنەوەیە لە تورکیا نیشتەجێ بوو، هەروەها بەشێک بوون

> لە ئێستادا مستەفا موسلیم هەوادارێکی سەرسەختی ئەردۆگانە و داوا لە کوردان دەکات پشتگیری بکەن

لەو ئۆپۆزسیۆنەی کەوا بە ئاشکرا دژایەتی خۆبەڕێوەبەریەکانی ڕۆژئاوایان دەکرد، کە هاوپەیمان و ئەنجوومەنە بەرهەڵستکارەکان بوون.

### ٨. سەرهێزا سەلاحەدین ئەیووبی

ئەم لیوایە بەشێکی سوپای ئازاد (جەیشی حوڕ)ە، لە ساڵی (٢٠١٢) دامەزران، پێکهاتبوون لەو کوردانەی لەناو سوپای سوریا جیابووبوونەوە، بەسەرکردایەتی نەقیب بێوار مستەفا، لە دەوروبەری شاری عەفرین. لە جیابوونەوەی ناوبرا، پابەندبوونی خۆی بۆ ئەنجوومەنی سەربازی شاری حمس و سوپای ئازاد

دەربڕی(٢٩). ئەم لیوایە هەرزوو کەوتنە دژایەتی یەکینەکانی پاراستنی گەل و بەڕێوەبەریی کانتۆنەکان نزیک پەیەدە. زۆر بە ئاشکرا دژایەتیکردن و تاوانباری کردن بە لایەنگری حکوومەتی سوریا. هەروەها ئەم لیوایە لە پاڵ بەرەی نوسرە دژی دەسەڵاتی سوری و دژی داعش جەنگاوە(٣٠). بە گشتی هەر پێکهاتەیەکی سەربازی لەم شێوە لەناو سوپای ئازاد بە هۆی زۆری ئەندامانی لە نەتەوەی تر، کوردبوونی تەواو کاڵ بۆتەوە.

**٨. بزووتنەوەی حەق و عەدالەتی ئیسلامیی کوردی لە سوریا (حركة الحق والعدالة الإسلامية الكردية في سورية)**

ئەم بزووتنەوەیە لە ساڵی (٢٠١١) دوای بەهاری عەرەبی دامەزراوە وەک بانگەشەی بۆ دەکات حزبێکە لە پێناو بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی ئیماندار و دەسنگر بە بەهای ئیسلامی و نیشتمانی. بێ جیاوازی دینی، مەزهەبی و نەتەوەیی و بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و دانپێدانانی دەستووری(٣١). ئەم بزووتنەوەیە لە دروشمەکانیدا ئەم ئالایەی هەڵکردووە کە لە هەرێم دانی پێدانراوە وەک ئالای کوردستان لە پاڵ ئەم ئالایەی ئۆپۆزسیۆنەکانی سووریا وەک ئالای سووریا ناساندوویانە. هەروەها ئەم بزووتنەوە ناسراوە بە دژایەتی سەرسەختی پەیەدە و بەڕێوەبەردنی خۆسەری کانتۆنەکانی، هەروەها نێزیکیان لە پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق(٣٢). ئەمەش ئاسایی جێی بەرتەنگە لە ڕۆژئاوا و دەکەوێتە خانەی بەرەی حزبەکانی نزیک لە سیاسەتی تورکیا.

**٩. پارتیا ئیسلامیا کوردستانێ (الحزب الاسلامي الكردستاني) پاك**

ئەم حزبە جیایە لە حزبی ئیسلامیی کوردی سوری. پاک، بە لقێکی ئیخوان موسلمین دادەنرێت، کۆنترین حزبی ئیسلامییە لە ڕۆژئاوا، دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨١) لەلایەن چەند کەسایەتیەکی ئیخوانی کوردی ڕۆژئاوا پێکهێنراوە، داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیان دەکرد بۆ کورد، دیارترین چالاکیان دەرکردنی گۆڤارێک بوو بە ناوی جودی(٣٣). ناسراوترینی کەسایەتیەکانی ئەم حزبە، د. محەمەد مستەفا ساڵح گابوریە، خەڵکی ئامودایە، لە ساڵانی شەستەکان بەرەو سعوودیە کۆچیکردووە و پلەی زانستی تا پرۆفیسۆری چووە. ئەم حزبەش لە دەرەوەی کوردستان لە سعوودیە و لە وەرزی حەج دامەزراوە، لەلایەن چەند کەسایەتیەک کە تەنیا گابوری خەڵکی ڕۆژئاوایە(٣٤). لە ناوەڕاستی نەوەتەکانەوە گابوری ڕوودەکاتە ئەورووپا و تەنانەت چوار کۆنگرەی حزب هەر لە دەرەوەی وڵات کراوە، کۆتایی تەمەنی لە مەککەدا تا مردنی بەسەربردووە(٣٥). بۆیە بە گشتی و لە دۆخی ئێستا دەرکەوتەیەکی وا بەهێزیان نییە، پتر لە سەردەمانی زوو کار و چالاکیان لە دەرەوەی وڵات و هەندەران بوو، تەنیا چەند بابەتێک لەسەر هەندێ سایتی عەرەبیدا لە بارەیان هەیە.

**دەرەنجام**

بە گشتی ڕێکخستنە ئیسلامیەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان، لە ڕووی میدیاییەوە زۆر لاوازن، لە ڕووی نووسراو، بینراو و بیستراو، ئەمەی هەیە بە پلەی یەکەم تەنیا دەرکەوتەی ئەلیکترۆنیە لە ڕێگەی سایت و سۆشیاڵ میدیاوە. بە پێچەوانەوە دامەزراوەی دینی سەر بە بەڕێوەبردنی کانتۆنەکان، لە کەناڵی ئاسمانی بەرنامەی تەلەفزیۆنیان هەیە، بە هەمان شێوە بەیاننامە و ڕێنمایی دەردەکەن.

زۆرینەی بزاوتەکانی ئیسلامی سیاسیی لە ڕۆژئاوا، جموجۆڵیان کەوتۆتە دەرەوەی وڵات، تەنانەت دامەزراندن و کەسایەتیە سەرەکیەکانیشیان بە هەمان شێوە لە دەرەوەی وڵاتن، بۆیە کارەکانیان کورتبۆتەوە وەک ڕێکخراوی خێرخوازی و دەرکردنی بەیاننامە. لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی زۆرینەی موسڵمانە، بەڵام بەردەوام ڕەوتی ئیسلامی سیاسی، نوێنەرایەتی کەمترین خەڵکی ئەم کۆمەڵگەیە دەکات. بە تایبەتی لە ڕۆژئاوا ئەوەی لە گۆڕەپانەکەیە پتر حزبە نەتەوەیی و چەپەکانن، لەگەڵ ئەوەی کەوا



KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

ئۆپۆزسیۆنی سووری پتر بزووتنەوە دینیەکانن. بەڵام دواجار ئەم سیاسەتەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) گرتیەبەر، پتر خەڵکی لە بزووتنەوەی چەکداری و سیاسی ئیسلامیی ڕەواندەوە. شایەنی باسە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەگەڵ ئەو ژمارە کوردانەی تێیدا بوون، ئەوا لە سووریا هیچ لیوا و هێزی بە ناوی کوردەکانەوە نەبوو.

لایەنێکی تری نامۆبوونی ئیسلامی سیاسیی لە ڕۆژئاوا ئەوەیە، زۆرینەی حزب و ڕێکخستنەکانیان نزیکن لە تورکیا یاخود کەوتوونەتە بەرداشی نێوان بەکارهێنان و گەڕان بە دوای پشت و پەنا. ئەمە جگە لەوەی پاشخانی پێشینەی مارکسیانەی پارتی کرێکارانی کوردستان، پتر وای کردووە هەمیشە بە هەناسەیەکی ڕکابەرانە لەگەڵ ئەم حزب و ڕێکخستنانەش مامەڵە بکەن کەوا بە باڵی ڕۆژئاوای پەکەکە دەناسرێن، وەک پەیەدە و یەپەگە و یەپەژە.

لایەنێکی تر کەوا زۆر گرنگە بزاوتی ئیسلامی ناکرێ فەرامۆشی بکات، ئەویش دینی کولتووری و کەلەپووری خەڵکە، کەوا وەک باوە زۆرێکی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی بەردەوام دەکەونە بەرامبەر ئەم جۆرەی دینداری و هەوڵدان بۆ گۆڕینی بە پاساوی نەگونجانی لەگەڵ بنەماکانی شەریعەت و دەقەکانی قورئان و سوننەت. بۆیە دەبینین لە ڕۆژئاوا جموجۆڵەکانی بۆ نموونە وەک شێخ مەعشووقی خەزنەوەی زۆر زیاتر کاریگەریی دەخاتە سەر ئاکی دیندار، لە بزووتنەوە ئیخوانی و سەلەفیەکان. ئەمە خاڵێکە کەوا خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوا سوودی لێ بینیوە لە جێکردنەوەی پرسی دین لە چوارچێوەی دەزگای ڕەسمی و جیاکردنەوەی لە ململانێی سیاسی و حزبی. مامەڵەیەکی نیمچە عەلمانی و مەدەنی لەگەڵ ئەم بابەتەدا دەکات.

کاری سیاسی بزووتنەوەی دینی ئیسلامی لە ڕۆژئاوا زۆر سەختە، چونکە لەنێوان هەوڵدان بۆ مافە نەتەوەییەکان و دروشمە دینیەکان گیری خواردووە، لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنەکان کەمێکیان نەبێت، ئەوانی تر بە ئەندازەی دەسەڵاتی سوریا توندن بەرامبەر داواکاریەکانی نەتەوەی کورد لەم وڵاتە، بۆیە سەختە جێی ڕەوتی ئیسلامی سیاسیی کوردی لەناو ئەم بەرەیە، لە بەرامبەریشدا لە شەقامی کوردی، قبووڵکردنی حزبێکی سیاسی نامۆ بە دینداری باو و هاوبەرەی تورکیا زۆر سەختە قبووڵکردنی.

بەڕێوەبردنی ڕۆژئاوا بۆ خۆپاراستن لە بەهێزبوونی هەر ڕەوتێکی ئیسلامی، سیاسەتێکی وا پەیڕەو دەکات بە ئاسانی ڕێگە بە زیادبوونی ئەم جۆرە ڕەوتانە نەدات، بە تایبەتی بۆ ئەوەی نموونەیەکی مەدەنی دوور لە حەماسی دینی نیشانی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بدات، لەپێناو بەدەستهێنانی پشتیوانی وڵاتی ڕۆژئاوا بە گشتی. ئەمەش بە کۆمەڵێک هەنگاو لە بەڕێوەبردنی ئەم ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتیدان.

**سەرچاوەکان:**

(١) كوسه، همبرفان (٢٠١٨) في عفرين: الكرد العلويين في مواجهة خطر مزدوج بالإبادة. سوريا: صحيفة روك اونلاين الألكترونية غير الربحية
١٢٠٧٨=http://www.rok-online.com/? p

(١) Levant (al-Shaam) - Syria Religious Composition, Columbia University ٢٠١٤
columbia.edu/images/maps/Levant_.https://gulf٢٠٠٠ Ethnicity_summary_lg.png

(٢) حسن، محمد (٢٠٢٠) الحركات السياسية والمدنية الكردية في سوريا واشكالية التمثيل. بريطانيا: كلية لندن للاقتصاد والعلوم السياسية. برنامج بحوث النزاعات. ص١٣.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ١٥.

(٤) الجزيرة (٢٠١١) جماعة الاخوان المسلمين في سوريا. قطر: موقع الجزيرة نيت الاخبارية. https://
-٤٨٥٩-٨ecf-www.aljazeera.net/nr/exeres/f٥٧c٠٠ce
٩=٨c٥٤fafV٦a٥b.htm? GoogleStatID-٨f٣a

(٥) جسور (٢٠١٧) الحركات الدينية في المشهد السياسي الكردي في سورية. تركيا: مركز جسور للدراسات، وحدة الدراسات. ص١٠.

(٦) جزاع، محمد (٢٠١٣) المناضل حمزة نويران (صفحات من الذاكرة). السليمانية: منشورات مركز ماركريت. ص١٦.

(٧) عنب بلدي (٢٠٢٠) ١٥عاما على اغتيال الشيخ معشوق الخزنوي. سوريا: مؤسسة عنب بلدي الاعلامية السورية المستقلة.
٣٨٣٠٢٢/https://www.enabbaladi.net/archives

(٨) ديروك (٢٠١٦) شيخ الشهداء: الدكتور معشوق الخزنوي. روژئاوا: موقع ديرۆکا کوردی تعلمي غير حكومي.
blog-/٠٥/٢٠١٦/https://www.diroka-kurdi.com
html.١٠_post

(٩) القادري، مخلف علي الحذيفي (٢٠٢٠) ترجمة الشيخ عبيد الله القادري الحسيني. سوريا: موقع الطريقة العلية القادرية البريفكانية، لعلوم التصوف وتراث آل البيت.
ftn١_≠ ٤٧٢/https://www.alkadriaalalia.com/archives

(١٠) القادري، مخلف علي الحذيفي (٢٠٢٠) سند الطريقة. سوريا: موقع الطريقة العلية القادرية البريفكانية، لعلوم التصوف وتراث آل البيت.
٢٩٨/https://www.alkadriaalalia.com/archives

(١١) جسور (٢٠١٧)، المصدر السابق، ص١٢.

(١٢) جنكو، علاء الدين (٢٠١٧) اسهام الكرد في الحياة الروحية والدراسات الاسلامية في سورية. سوريا: مجلة قلمون، الجمعية السورية للعلوم الاجتماعية، العدد (٢). ص١٦.

(١٣) اتحاد العلماء في مقاطعة الجزيرة، المواقع الرسمي على فيسبوك
/١٥٨٤٥٣٧٣٥٨٥٠١١٢٢/https://www.facebook.com

(١٤) غزراني، محمد ملا رشيد (الصفحة الرسمية). سوريا: رئيس اتحاد علماء المسلمين في مقاطعة الجزيرة.
/https://www.facebook.com/mohamed.xerzani

(١٥) الدين والمجتمع. سوريا: قناة روناهي الرسمية التابعة للادارة الذاتية في روژئاوا. https://ronahi.tv/
A%D٨%B١%D٨%AA%D٨%٨٤%D٩%A٧%ar/category/%D٨
٨A%AF%D٩%D٨%٨٤%D٩%A٧%AC/%D٨%D٨%٨٥%D٩%٧
AC%%D٨%٨٥%D٩%٨٤%D٩%A٧%D٨%-٨٨%D٩%-٨٦%%D٩
/B٩%D٨%٨٥%AA%D٩%D٨

(١٦) تصريح (٢٠١٢) الوحدة الاندماجية مع جبهة العمل الوطني لكرد سورية وتحويل موقعنا الى منبر ثان للجبهة. سوريا: موقع جبهة العمل الوطني لكرد سورية.
https://www.facebook.com/syriakurds/photos
٢٧٠٣١٤٣٩٩٧١٦٧٨٧/٢٧٠٣١٤٣٩٣٠٥٠١٢١./a

(١٧) سيرة مصطفى مسلم (٢٠٢٠) رئيس الجامعة. تركيا: جامعة الزهراء.
٨٤%D٩%A٧%https://alzahraa.university/%D٨
-B١%D٨%٨٨%AA%D٩%D٨%٨٣%AF%D٩%D٨%
-٨٩%D٩%٨١%D٩%B٧%D٨%B٥%D٨%٨٥%D٩%
/٨٥%D٩%٨٤%D٩%B٣%D٨%٨٥%D٩%

(١٨) بەکر، دیار (٢٠١٨) مستەفا موسلیم: پێویستە کوردەکان پشتیوانیی لە ئەردۆغان بکەن. ئەنکەرا: ئاژانسی ئەنادۆڵ:
%b١%d٨%٨٨%aa%d٩%https://www.aa.com.tr/ks/%d٨
٩%aa%db%d٨%b٣%d٨%٨٥%d٩%/a٧%٨a%d٨%d٩%٨٣%d٩
db%٨٤%d٩%b٣%d٨%٨٨%d٩%٨٥%d٩%-a٧%d٨%٨١%d٩%٥
-%b٣%٨c%d٨%db%٨٨%٨e%d٩%be%db%d٩%-٨٥%٨c%d٩%
af%d%d٨%b١%d٨%٨٨%d٩%da%a٩%-٩٥%aa%db%d٨
d%b٤%be%d٨%d٩%-٨٦%d٩%a٧%d٨%da%a٩%٩٥%b
%٨c%db%db%٨٦%d٩%a٧%d٨%٨٨%٨c%d٩%aa%db%٨
d٨-%b١%d٨%٩٥%db%a٦%d٨%-٩٥%db%٨٤%٨c-%d٩
db%da%a٩%a٨%d٨%-٨٦%d٩%a٧%ba%d٨%d٨%٨٦%af%db%
١١٦٥٢٠٩/-٨٦%d٩%٩٥%

(١٩) جسور (٢٠١٧)، المصدر السابق ١٤ و ١٥.

(٢٠) جمعية علماء الكرد في سورية و جبهة العمل الوطني لكرد سورية (٢٠١٤) بيان جمعية علماء الكرد في سوريةحول العدوان الداعشي المستمر على كوباني. تركيا: رابطة العلماء السوريين.
٦٤٨/https://islamsyria.com/site/show_news

(٢١) ادباء الشام (٢٠١٢) تقرير مفصل عن اللقاء التشاوري لجبهة العمل الوطني لكرد سورية. سوريا: رابطة ادباء الشام لقضايا الادب والانسان.
/٣٠٨٢٧http://www.odabasham.net

(٢٢) درويش ابراهيم، الحساب الرسمي. مشرف موقع syriakurds.
https://www.facebook.com/profile.
١٧٥٣٢٠٠٣٨٢ =php?id

(٢٣) العالم سوريا (٢٠٢٠) ٩٩ حزبا كرديا في سوريا.. تعرفوا اليها! ايران: موقع قناة العالم الفضائية.
٩٩/٤٩٦٣٨٣٧https://www.alalamtv.net/news

(٢٤) الشدادي، ابراهيم رمضان، الحساب الرسمي على فيسبوك.
https://www.facebook.com/alshadadi٢١

(٢٥) الفصل الأول (٢٠١٨). سوريا: رابطة علماء ومثقفي الجزيرة.
/٨٢١٠٥١٩٩٤٧١٩٥٢٥/https://www.facebook.com

(٢٦) جسور(٢٠١٧)، المصدر السابق، ص١٥

(٢٧) هەمان سەرچاوە.

(٢٨) همكي، حمزة (٢٠١٧) الإسلام السياسي في الجزيرة. سوريا: صحيفة روك اونلاين الألكترونية غير الربحية
٦٤٠٣=http://www.rok-online.com/?p

(٢٩) شبكة اخبار كيكان (٢٠١٢) انشقاق النقيب الكردي بيوار مصطفى عن جيش النظام السوري. موقع كيكان الاخباري السياسي الكردي المستقل.
blog-/٠٥/٢٠١٢/https://main-kikan.blogspot.com
html.١٥٠٣_post

(٣٠) سيرجى، محمد علي (٢٠١٣) الأكراد محاصرون بين الاسلاميين و حزب العمال. سوريا: موقع ديب.
kurds-caught-/٢٤/٠١/٢٠١٣/https://www.msergie.com
/between-islamists-and-the-pkk

(٣١) جسور (٢٠١٧)، المصدر السابق. ص١٦.

(٣٢) الحساب الرسمي (٢٠١٩) حركة الحق والعدالة الاسلامية الكردية في سوريا. الصفحة الرسمية على فيسبوك
/٣٠٥٥٣٩٥٣٢٨٢٧٧٧٦/https://www.facebook.com

(٣٣) العبسو، عمر (٢٠١٧) الشيخ الداعية محمد صالح مصطفى كابورى. سوريا: رابطة ادباء الشام لقضايا الادب والانسان.
٩٧٩٦٣/http://www.odabasham.net

(٣٤) الندوة العالمية للشباب الاسلامي (ب.ت) الحزب الاسلامي الكردستاني. السعودية: موقع صيد الفوائد.
htm.١٤/http://www.saaid.net/feraq/mthahb

(٣٥) مكي، مجد (٢٠١٧) كلمات في ترجمة الدكتور محمد مصطفى كابوري. تركيا: رابطة العلماء السوريين.
٩٢٧/https://islamsyria.com/site/show_cvs

**KCCRC**

**Kurdistan conflict and Crisis Research Center**

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS